# بەرپرسەکانی کوردستان وێنەکانی شێرەژنی پێشمەرگەی ئەیلوول " کەتان خانی کەرکووکیی " لە پێشانگەکانیان هەڵدەواسن بەڵام ئاوڕێك لە خۆی نادەنەوە !!!"



دیرۆکی خەڵکی ئەم کوردستانەی خۆمان هەر چەندێک کارەسات و ماڵوێرانیی و دەربەدەری و تاڵاوی غەریبیی چەشتووە ، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە لە خەبات و تێکۆشان و هەمیشە بۆ ئازادیی و سەربەستیی بەرەو لووتکەی چیا سەربەرزەکان ڕۆیشتووەو ئەو کاتانەی دوژمن هەموو دەرگاکانی ئۆمێدی لەسەر داخستووە ، پێشمەرگە هەموو قوفڵە ئاسنینەکانی دوژمنی شکاندووەو دەرگای هیوای بۆ گەلەکەی کردۆتەوە، و خونچەی ئۆمێد و ئازادیی لە دڵ و دەروونی کوردستانیان بە خوێنی پاک و گەشی خۆی ئاوداوە.

کوردستان لە دێر زەمانەوە تژیی بووە لە شێرەژن و شۆڕەژن و بۆ گەواهی ئەمەش سەدان نموونە هەن لە خانزادی سۆرانەوە تاکو دەگاتە حەپسەخانی نەقیب و لەیلا قاسم و لەیلا زاناو و دەیان و بگرە سەدان ژنی سەربەرزی کورد کە لەم کورتە باسە (گلەیی)یەدا ناتوانم جێگەی بکەمەوە ، من مەبەستم لە بەراورد کردن نییە لەنێوان حەپسە خانی نەقیب و کەتان کەرکووکیی پێشمەرگەی ئەیلوولدا ، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ چوونە ناو باسێکی تایبەت بە ژنە کوردێک لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە ناوچەی کەرکووک و گەرمیان لە گەڵ مێردەکەیدا

پێشمەرگە بووە نەک وەک ژنێکی ئاسایی لە ماڵەوە دابنیشێت و تەنیا خەریکی ماڵەوە بێت و بەس .

لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئەو خوشکە سەربەرزە شانبەشانی هاوسەرەکەی و براکانی چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی لەشانکردووە ، و تاکو تەمەن و هێزی ئەژنۆکانی یارمەتی دابێت لە گەڵ کاک لەتیف ساڵحی هاوسەرو هەڤاڵی پێشمەرگەیدا کۆڵی نەداوە لە خەبات کردن ، و بۆ ئازادیی گەلەکەی تێکۆشاوە ، سەدان دەردەسەریی و دەربەدەریی بینیوە بەڵام هیچ کاتێک نەترساوەو ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی خۆی جێبەجێ کردووە.

لەو زەمانەدا مەبەستم لە شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی ڕابوردووە کە ئاسان نەبووە لە ناو کوردەواری و دابونەریتی کۆندا ژن بڕنەو لەشان بکات وفیشەکدان وڕەزن لەپشت ببەستێت و بەرگی پیاوان بپۆشێت !! مەگەر ئەوە هەر لە شۆرە ژنانی وەک کەتان خان بوەشێتەوە.



حکومەتی هەرێم و سەرکردەکان دەبووایە نازی ئەو ژنە پێشمەرگەیە و پێشمەرگەکانی دیکەش کە ئێستا لە پاییزی تەمەندان هەڵگرن و لەم نازو نیعمەتەی ئێستا هەیە کە بەری خەباتو ماندووبوونی ئەوان و خوێنی هەزاران شەهیدو ئەنفالکراوە بێبەش نەکەن ، بۆ ئەبێت دەست لە پشتی ئەنفالچیی و پیاوکوژی ڕۆژانی ڕەشی بەعس بدرێت و لە گوڵێک کاڵتریان پێ نەگوترێت ؟ هەر ئەوەنەش نا بەڵکو بەبەرچاوی هەزاران پێشمەرگەوە ئەو جاشانە بکرێنە پیاوە ماقوڵ و دیوەخانەیان بۆ ببڕێتەوە ، پێشمەرگەکانیش کە تاکو دوێنێ

کارتان پێیان هەبوو هەمیشە گوێ ڕایەڵی فەرموودەی ئێوە بوون خوێنی خۆیان دەبەخشی ، بەڵام ئێستا کارتان بەسەر پێشمەرگەی نەگبەتەوە نەماوە !!

سەیرەکە لەوەدایە ئێستا وێنەکانی ژنە پێشمەرگە (کەتان کەرکووکیی) و برنەوەکەی شانی کە نیشانەی خۆڕاگریی و ئازایەتیی ژنی کورد نیشان دەدات لە هەموو پێشانگاکان بۆ جوانیی و خۆ هەڵکێشان چەندین جار نمایش کراوەو دەکرێت ، بەڵام بەداخەوە لە ڕاستیدا کەتان و هاوسەرەکەی لە کەرکووک لەو پەڕی هەژاریدا دەژین کەچی بەرپرسە کورد پەروەرەکانمان نازانن ئەو دوو پێشمەرگەیە لە کوێن و چۆن دەژین؟؟!!!

کەتان و هاوسەرەکەی هەموو تەمەنی خۆیان و خۆشی ژیانیان کردە قوربانیی بۆ نیشتمان و ئێستا کەسێک نییە پرسیارێکیان لێبکات و دڵنەواییان بکات ؟! بۆچی بەرپرسێک نییە لەو کوردستانە دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکات ؟

چەند جوانە کە هەست بکەن ئەوەی لە ڕابوردوو کردیان بۆ کوردستان بە فێڕۆ نەچووەو شانازیی بەو ڕابوردووەی خۆیانەوە بکەن ، نەک لە کوونی ژوورێکدا حەسرەت و هەناسەی سارد بە جووتە هەڵکێشن و نەفرەت لە خۆیان و سەرکردەکانیان بکەن ؟!!

کاک لەتیف وانەبێ دانیشتبێت و داوای یارمەتی خۆڕایی کردبێت ! هەرچەندە ئەوە هەقێکی ڕەوای خۆی و کەتان خانی هاوسەرێتی بەڵکو هانای بردووە بۆ بەرپرسەکانی کەرکووک بە تایبەتیی بۆ بەرپرسانی لقی(**3**)سێی پارتی دیموکراتی کوردستان ، بەڵام هەموو جارێک دەست بەڕوویەوە دەنێن و بە نائومێدیی بەرەو ئەو تاکە ژوورە دەگەڕێتەوە کە دایکی کەتانی خێزانی (خەسووی) داوێتی پێیان تاکو نەکەونە سەر شەقام و کۆڵانەکان ، چونکە پاش ئەو هەموو خەباتە ئێستا کولبەیەک شکنابەن تێیدا ئۆقرە بگرن ؟ توخوا ئاوا چاکەو پیاوەتی ئەو دوو پێشمەرگەیە ئەدەنەوە ؟!! ئاوا قوربانیدەرانی ساڵانی ڕابوردووی پێشمەرگایەتی بەسەر ئەکەنەوە بەرپرسانی حزب و حکومەتی هەرێم ؟

کاک لەتیف لە نامەیەکیدا کە ناردوویەتی بۆ برای خێزانەکەی کە هونەرمەند (کاک عەدنان کەرکووکیی)یە* ، ،لەو کورتە نامەیەدا کاک لەتیف ساڵح دەڵێت:–

---

- **کاک عەدنان کەرکووکیی هونەرمەندێکی بەتوانای بواری سینەماو تەلەفزیۆنە وەك (کامێرامان و مۆنتێر)و بڕوانامەی بەرزی بەدەست هێناوە ، ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئوسترالیایە ، ئەویش نامەکەی بۆ من ڕەوانە کرد تاکو شتێك لەسەر کەتان خان و هاوسەرەکەی بنووسم بەشکو ئەمە خوایە بەرپرسە بەڕێزەکانی کوردستان بیخوێننەوەو غیرەتی کوردایەتیان بجووڵێ و لەو نەهامەتیە ڕزگاریان بکەن.**

## دەقی نامەکەی کاک لەتیف ساڵح

سەرەتا سلاو ڕێزم هەیە بۆ هەموو لایەکتان هیوادارم سەرکەوتوو بن؟؟؟؟؟؟

لەساڵی (1961) پەیوەندیم کرد بە پارتیەوە لەکەرکوک لەساڵی (1963) چومە ڕیزی پێشمەرگەوە وە کرام بە یاریدەری کادری ناوچەی دۆڵەڕوت سەر بەقەزای سەر چنار..سلێمانی وە لە ساڵی(1964)کە شەڕی برا کوژی دەستی پێ کرد گەڕامەوە بۆ کەرکوک وە چوم بۆ بەغدا چومە خولی پۆلیسی ممتازە (دورە الشورتە الممتازە) ..وە لەساڵی (1967) گواسترامەوە بۆ بەرێوە بەرایەتی پۆلیسی کەرکوک دووبارە پەیوەندیم کردەوە بە پارتی ..........وە لەساڵی(1970) مانگی (10) نەقل کرام بۆ چەمچەماڵ وە بوم بەمەسئولی پۆلیسی چەمچەماڵ .. وە لەساڵی(1973) وازم لەپۆلیسی هێناو ماڵەکەشم گواستەوە بۆ (سەنگاو) وە دەستم کرد بە ئیشو کاری پێشمەرگایەتی لە لقی (3) لەبەشی (شەهیدان) لەگەڵ براکەم وە براکەشم کەناوی (عوسمان سالح)بوو کە ئەندام کارگێری لقی(3) بوو .... وەلەدوای ڕۆیشتنی لقی(3) بۆ پێنجوێن مانیەوە لەوێ تا پیلانەکەی (جزائر) وە لەدوای گەڕانەوەم بۆ کەرکوک ڕەوانەی خوارەوەی عێراق کرام . وە لەساڵی (1976)لە ڕیزی پۆلیسی دەرکرام . لە کەرکوک مامەوە وە لەدوای پرۆسەی ئازادی و ڕوخانی رژێمی (سەدام حسین) وە هاتنی لقی(3) بۆ کەرکوک کە (سەلاح دەلۆ) بەرپرسی لقی(3)بوو . وە دوای ئەویش (نەجات حسن ) کە ئێستا بەر پرسی لقی(3) یە . زۆر هەوڵمدا کەبگەرێمەوە بۆ ڕیزی پۆلیسی بەلام هەوڵەکانم بێ سوود بوو . وە ئەوەش شایانی باسە هەرچی ئەفسەرو مفەوەزە بەعسیەکان هەبو کە لەکاتی سەدام تقاعد کرابون زۆربەیان گەڕانەوە بۆ ڕیزی پۆلیسیو بە پلەی بەرزتر هەندێکیان بەناوی پارتیەوە هەندێکیشیان بە ناوی یەکێتیەوە .. بە واستەو بەرتیلوو بەخزموو خزمایەتی و شتی تر . وە ئەمەش ڕاستیەکانە کە بۆم نووسیون

هەموو کوردی کەرکوک ئەیزانن .. وە ئەمە بەس کێشەی من نیە بەڵکو کێشەی زور کەسە کەرۆژی هەزار جار تف لەڕابوردووی خۆیان ئەکەن؟؟؟

براتان (((لەتیف سالح)))



تازەترین وێنەی کاک لەتیف ساڵح و کەتان کەرکووکیی (کەرکووک)

بەڕێزان تەماشایەکی نامەکەی کاک لەتیف بکەن !! لەساڵی 1961 وە پێوەندیی کردووە بە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵی 1963 وە بووە بە پێشمەرگە !! و پاشان لەخزمەتکردن دووانەکەوتووە ، لە هەمووی سەیرتر کاک لەتیف داوای یارمەتی بە خۆڕایی ناکات بەڵکو داواکارە بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی پێشووی وەک (پۆلیس) دیسان خزمەت بکات کە لە لایەن بەعسەوە لەبەر ئەوەی کورد بووە دەرکراوە ، بەرپرسەکانی کوردستان و کەرکووک ئەوەشی پێڕەوا نابینن ؟! ئەی ڕوو لە کوێ بکات قوڕی کام قەرەتەپە بەسەری خۆیدا بکات ؟؟

هیوادارم ئەم نووسینە بکەوێتە بەرچاوی بەرپرسێکی بە وێژدانی کوردستان بە تایبەتیی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک و گەرمیان ، و ئەم دوو پێشمەرگە دێرینەی کوردستان لەو هەناسە ساردیی و بێدەرەتانییە ڕزگار بکەن !! ئەوەش ئەوەندە گران نییە بۆ وێژدان زیندوویەک لە ناو کاربەدەستانی کوردستان ، خۆ ئەگەر دەگمەنیش بێت بەڵام هەندێک بەویژدانیان هێشتا هەر تێدایە.

فەخرەدین گەرمیانی – کۆنگۆی دیموکرات ، ئەفریکا

2007-11-24